پرۆژەی بەرزەپردی حەپسەخانی نەقیب لە سلێمانی خرایە بواری جێبەجێکردنەوە

پرۆژەی بەرزەپردی حەپسەخانی نەقیب لە سلێمانی خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

سەرکایەتی شارەوانی شاری سلێمانی ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند، لە درێژەی پلان و بەرنامەی چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کێشەی هاتووچۆ قەرەباڵغی، سەرکایەتیمان پرۆژەی «بەرزەپردی حەپسەخانی نەقیب»ـی ڕاگەیاند.

هەروەها بە جێبەجێکردنی ئەم بەرزە پردە کە تێکڕای گوومژەی پێنج ملیار و حەوسەد ملیۆن دینار جێبەجێ دەکرێت، وتەرنی ناوچەی پیشەسازی سەر شەقامی مەلیک مەحموود دادەخرێت و لە ڕێگەی ئەم بەرزە پردەوە گەڕانەوە و یوتەرن لەو ناوچەیەی شەقامی مەلیک مەحموود دەکرێت بەمەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی کێشەی هاتووچۆ و ئەو قەرەباڵغییەی کە لەو ناوچەیەدا هەیە.